**شەو ئەندێشە** ڕەحمان سۆفی

هێرشی بای ئەندێشە،

بە هاژە و گڤە،

بێ شنە و گەشە

کۆشکی بیرم دە لەرزێنێ.

بالۆرەی ڕێبوارێکی توڕە

گوێ و دەروونم دە هەژێنێ

گۆمی ئارامیم دەشڵەقێنێ.

مەودای هیوا و تێرامانم

بڕناکاتە بەرە بەیان

لەشکری وەنەوز،

هێرش بۆ چاوم دێنێ.

مەلی خەیاڵ باڵ دەگرێتەوە

دەفڕێ، دەفڕێد دەفڕێ،دەفڕێ

شەکەت و بێدەرەتان بۆ پشودان

لە سەر لەشی پێنووسەکەم دەنیشێ

لە پێخەوی دەفتەرەکەم دا،

سەرینی دڵنیایی دادەنێ،

ڕادەزێ، هێدی و هێمن دەنوێ .

پووشپەڕ ی 2011 سوێد